عێراق لە ڕێگای یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی فەرمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەرلەمانی عەرەبی پتەوتر دەکات

ئەمە شەمە، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمان و محەمەد ئەحمەد یەماحی، سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژە کرد بە چەسپاندنی هاوبەشی نێوان عێراق و پەرلەمانی عەرەبی.

لە بەیاننامەیەکی نوسینگەی مەشهەدانی، کەدەستی موتەبع کەوتووە، تەیدا هاتووە: "مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی فەرمی لەگەڵ محەمەد ئەحمەد ئەلیەماحی، سەرۆکی پەرلەمانی عەرەبی واژەکرد، بە ئامانجی چەسپاندنی هاوبەشی پەرلەمانیی نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی عەرەبی".